چاکسازی و کێشە بنەڕەتیەکانی

ن. سلطان عبدالرحمن
و. عبدالله کەسنەزانی

ئەگەر کەسێک بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری واقیعی مەعریفی موسڵمانان بکات بۆی ڕوون دەبێتەوە کە بێهێزی تێدایە لە چەندەها لایەنەوە بە تایبەتی وەک پڕۆژەیەکی گشتگیر کە دەیەوێت لە جیهاندا بڵاو بێتەوە. هۆکارەکەش ئەوەیە کەلەم سەردەمەدا ئیشکالاتی زۆری مەعریفی و فیکری و زانستی خراوەتە ڕوو کە هەندێکیان ناڕوون و هەندێکیان تێکئالاون.

وە ئەگەر بمانەوێت لەم کێشە ڕزگارمان بێت و پڕۆژەی ئیسلامی بگاتە ئاستێکی بەرز و گونجاو دەبێت چەند ڕێگەچارەیەک بگرینە بەر، لەوانە: وردکردنەوەی ئیشکالیتەکان و دابەشکردنی بۆ چەند لایەنێکی جیاواز بۆ تێگەشتن و دەرک کردن بە ناوەرۆک و شێوازی مامەڵە لە گەڵیدا. دوای ئەوە بۆ هەر لایەنێک لەو کێشانە لە ڕووی فیکر و بوارەکانی چاکسازیەوە کۆمەڵێک زاناو کەسی پسپۆر دیاری بکرێت کە توانایان هەبێت هەتا مامەڵە لە گەڵ کێشەیەکی دیاری کراودا بکەن و لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بەو لایەنە ئەنجام بدەن و شێوازی دروستی مامەڵەکردن لە گەڵیدا بخەنە ڕوو، هەروەک چۆن زانایانی پێشتر دوای ئەوەی زانستە ئیسلامیەکان فراوان بوون پسپۆڕیەکانیان جیاکردەوەو هەر زانایەک لە بوارێکدا شارەزایی تایبەتی هەبوو لە بوارەکانی تر زیاتر.

یەکێک لەو دیاردە پۆزەتیڤانەی لە فیکری ئیسلامیدا سەری هەڵداوە جیابونەوەی هەندێک وتار و گرنگی پێدانی تایبەتی هەندێک لایەنی وەک: ئەو وتارانەی تایبەتن بە پێشهاتە نوێیەکانەوە لە ژیانی موسڵماناندا (النوازل الفهیە)، مەبەستەکان (المقاصد)، هەروەها کێشە فیکریەکانی سەردەم. هەروەها تایبەتمەندی وەرگرتنی هەندێک بۆ گرنگیدان بە بوارەکانی برەوپێدان و شارستانی و لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، کە ئەم بوارانە گرنگترین بوارن کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەو داڕشتنی بنەماکانێتی لە ڕووی فیکر و شەرعەوە، وە پێویستی بە کۆمەڵێک خەڵک هەیە پسپۆڕی تێدا پەیدا بکات.

هەر بوارێک لەوانە گرنگی خۆی هەیە و هەر کەسێک پسپۆڕی تێدا پەیدا بکات و گرنگی پێ بدات نابێت هیچ لایەک وەک جەستەیەکی نامۆ سەیریان بکات یان لە گرنگی بوار و کارەکەیان کەم بکاتەوە یان بە بوونی کاریگەری فیکری ڕۆژئاوا تۆمەتباریان بکات چونکە بە شێوازێکی سەردەمیانە مامەڵە لە گەڵ کێشەکان دەکەن قۆناغی مامەڵەی تەقلیدیان جێ هێشتوە.

لە گەڵ ئەم پێشەکیەدا دەمەوێت هەندێک خاڵ بخەمە ڕوو کە بە بڕوای من بونەتە کەم و کوڕی لە پڕۆژەی چاکسازی و هەستانەوەی گەلانی موسڵمان:

یەکەم: زیاد لە سنور گەورە کردنی بۆچونەکان: هەندێک لەو بۆچون و هزرانەی بۆ ئەمەبەستە دەخرێنە ڕوو بە شێوازێک گەورە دەکرێن کە خوێنەر وا هەست دەکات ئەو نوسینە ئەوە دەگەیەنێک کە هیچ چارەیەکی تر نیەو تەنها ڕزگار بوون لە پابەندبوونە بەو بۆچون و فیکرەوە، وە هەڵوێستی توند وەردەگرێت بەرامبەر بەوانەی ڕکابەری ئەو بۆچونەن، هەربۆیە کەسانێک پێیان وایە کە فیکری چاکسازی دوژمن بۆ خۆی دروست دەکات، نمونەی ئەم جۆرەش وەک ئەوە وایە کۆمەڵێک کەشتیەک دروست بکەن و داوا لە خەڵکی بکەن بۆ ئەوەی بچنە ناو کەشتیەکەوە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت، وە بکەونە زەم کردن و ڕەخنەگرتن لەوانەی کە نایەنە ناو کەشتیەکەوەو وە هیچ لە بیانوەکانیان قەبوڵ نەکەن کە ڕەنگە هەندێکیان کەشتی خۆیان هەبێت یان ڕەنگە متمانەیان نەبێت بە کەشتیەکەی ئەوان، یان چەند سەرنجێکیان هەبێت لە سەری. نمونەی ئەمانە وەک کەسانێک کە لە هەموو نوسینەکانیاندا دەبێت لە لایەنێکەوە ڕەخنە لەو ڕەوتەی تر بگرن کە بە دڵیان نیە، ئەمەش مانای ڕەخنەی بونیاد نەر نیە یان خستنە ڕووی هەڵەکان نیە بە ڕێژەی پێویست، بەڵکو ڕەتکردنەوەی ڕەوتەکانی ترە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە. بە ڕای من هەندێک لە بانگخوازانی وتاری چاکسازی یارمەتیدەر بوون بۆ دروست بوونی ئەو کەش و هەوا تەم و مژاویەی نێوان ڕەوتەکان کە لەم واقیعەدا هەن، چونکە هەندێکیان بۆ نمونە پێی وایە یەکەم هەنگاوی چاکسازی ناخۆیی بەرەنگاربونەوەی ڕەوتی سەلەفیە. کە ئەمە وای کردوە هەندێک لەوانەی ڕەخنە ئاراستەی ڕەوتی چاکسازی دەکەن دەڵێن: قورئان و سوننەتیان دابەشکردوەو گرنگی بە هەندێکی دەدەن و هەندێکی تری پشتگوێ دەخەن، یان هەڵسەنگاندن و پێوەریان دروست نیە و پێچەوانەی شەرعن، یان دەڵێن: لایەنەکانی تر کە بە شێوازێکی تر یان لە بوارێکی ترەوە کار دەکەن پێ قەبوڵ نیە و سیاسەت بە تەنها ڕێگای چاکسازی دەزانین.

دووەم: دەست پێکردن لە ڕەخنەوە: خوێنەری بەرهەمەکانی ڕەوتی چاکسازی ئەوەی لە هزردا بۆ دروست دەبێت کە هەندێک لە چاکسازی خوازان زۆربەی کارەکانیان سەرقاڵ بونە بە ڕەخنەگرتن لە خەڵکی و وروژاندنی بەرامبەر و ڕووبەڕبونەوە لە گەڵیاندا، هەروەها گەڕان بە دوای هەڵەی خەڵکیدا وە باسکردنی. ئەمە دیارە مەنهەجێکی دروست نیە کە بنیات نەر بێت، بەڵکو مەنهەجێکی دروست دەبێت بە دانان و ڕوونکردنەوەی بنەما شەرعی و فیکریەکان دەست پێ بکات، بەڵام بە ڕای من ئەمە نەکراوە بەڵکو لە هەندێک کاتدا ئەو چاکسازیخوازانە زۆر بە توندی ڕەخنەیان لەو کەسانە گرتوە کە بە فیقە و بابەتی زانستی شەرعیەوە خەریک بوون یان بە هەر پڕۆژەیەکی ترەوە وەک پێکهاتەیەکی پڕۆژەیەکی گەورەی ئیسلامی دابنرێت، ئەمەش ئەو کەسانەی خستۆتە هەڵس و کەوتی دژ بە یەکەوە چونکە لە لایەکەوە بانگەشەی پێکەوە ژیان و یەکتر قەبوڵکردن دەکەن و لە لایەکی ترەوە هێرش دەکەنە سەر لایەنەکانی تر.

سێیەم: خولانەوە لە بازنەی ڕەخنەگرتندا: ئەم خاڵە وەک دەرەنجامی خاڵی پێشترە، چونکە وەک دەبینین ڕەوتی چاکسازی لە زۆر لایەنەوە باس و خواسیان هەیە و ڕووبەڕێکی زۆریان خستۆتە بەردەست، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە تا ئێستا پڕۆژەی کامڵ و داڕێژراومان نەبینیوە پێشکەشی بکەن سەبارەت بە بۆچون و میکانیزم و وردەکاری و شێوازی جێبەجێ کردن، بە شێوازێک بگونجێت لە گەڵ ئەو دەنگە زۆرەی بەرزیان کردۆتەوە یان بە قەبارەی ئەو هەم و ڕەخنەی ئاراستەی بۆچونە دژەکانی دەکەن. ئەوان دەڵێن خەڵکانێک بە زانستە تایبەتیەکانەوە سەرقاڵن لێکۆڵینەوە و شتی نوێیان بەرهەم نەهێناوە کە پێداویستی ئەمڕۆمان پڕ بکاتەوە، بەڵام ئەگەر وردبینەوە خۆیان هەمان کەم و کوڕیان هەیە، کوا پڕۆژەو لێکۆڵینەوەی گشتگیریان سەبارەت: بنەما و مەفهومی شارستانیەت لە ئیسلامدا، بنەما سەرکیەکانی فیکری شارستانیەت لە ئیسلامدا، لێکۆڵینەوەی مێژویی لە سەر شارستانیەت و بەرەوپێشچونی لە ئیسلامدا، یان مەفهومە شارستانیەکان لە غەیری ئیسلامدا وە تا چەند لە گەڵ بنەماکانی ئیسلام ڕێک دەکەوێت، وە چەندەها بواری تر.

ئەم وتانە مانای ئەوە نیە ئەوان هیچیان پێشکەش نەکردوە بەڵکو هەوڵیکە بۆ دەست نیشانکردنی کەمو کوڕیەکان، وە بۆ ئەوەی هیچ لایەک خۆی بە بێ بەش نەزانێت لەو کەم و کوڕیانەی هەیە لە واقیعی موسڵماناندا.

چوارەم: گوێ نەدان بە ڕەخنە: هەندێک لە بانگخوازانی فیکری چاکسازی خۆیان بەوە نازانن ڕەخنەیان لێ بگیرێت، وەک بڵێی لە هەموو ڕاو بۆچونەکانیاندا پێکاویانە. لە بەرامبەردا لێکۆڵینەوەی دروست و گشتگیر نیە سەبارەت بە کەم و کوڕیەکانیان بۆ ئەوەی پڕۆژەکەیان باشتر بێت.

پێنجەم: هەندێک لەوانەی کە بەناوی ئیسلام و موسڵمانانەوە خۆیان بە هەڵگری فیکری چاکسازی دەزانن تا ڕادەیەکی زۆر دوورکەوتونەتەوە لە ڕۆحیەتی ئیسلام و شەرع لە وتارەکانیاندا، ڕەنگە وا بیر بکەنەوە ئەمە سودی هەیە بۆ بانگەوازەکەیان، یان هەتا بەو شێوەیە بن ئەوەندە بە پێشکەتوخواز دەناسرێن و خەڵکی گوێیان لێ دەگرێت، بەڵام وتاری ئەوان تەنها بۆ ناحەزان نیە بە ئیسلام هەتا هەمو مورکێکی ئیسلامی لە وتارەکانیان دابڕنن، ئەمەش واتای ئەوە نیە کە وتار و باسەکانیان پڕ بێت لە ئایەت و فەرمودە، بەڵکو هەڵسەنگاندنی وتارەکانیان بە بنەما شەرعیەکان و گەڕان بە دوای ئاماژە و بەڵگە شەرعیەکاندا بۆ وەرگرتنی بۆچونی شەرعی. هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەندێک ڕەوتی چاکسازی تۆمەتبار بکات بەوەی کە وتارەکانیان لە فیکرێکی ڕۆژئاواییەوە سەرچاوە دەگرێت.

جنێودان نیشانەی بێدەسەڵاتییە

فاخیر سریشمەیی

جنێودان یەکێکە لەسیفاتە هەرە ناشرینەکانی مرۆڤ، جنێودان بە باوک و دایک و ئایین و وولات و نیشتیمان و نەتەوەو... هتد، کەچی زۆربەی هەرە زۆریشمان لێی بەدوورنین، لەگەڵ ئەوەی کە قورئانی پیرۆزو چەندین فەرمودەی پێغەمبەری خۆشەویستمان جەخت دەکەنەوە لە سەر خۆ دوور گرتنی موسلمانان لە جنێودان، چونکە جنێودان دەبێتە هۆی توڕەکردن و دڵ شکاندنی کەسی بەرامبەرو دابەزینی کەسایەتی کەسی جنێودەرو سوک بوونی لەناو خەڵک، هەروەک کە بێدەسەلاتیشی دەگەیەنێ، هەروەها دەبێتە هۆی توڕەبوونی خوای گەورە.

چونکە هەر ووتەیەک لەدەمی مرۆڤ دێتە دەروە فریشتەکانی خوای گەورە دەینووسن، وەکو دەفەرمووێت: [مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ](ق : ١٨).

دەبێت مرۆڤی موسلمان خۆی دوور بگرێت لەتانەو تەشەرو نەفرین کردن و دەم شڕی و دەم پیسی، چونکە باوەڕدار نابێت ئەم سیفەتانەی تێدابن، هەروەک و پێغەمبەر دەفەرموێت: (لیس المؤمن بالطعان ولا اللعان ولا الفاحش ولا البذيء) سنن الترمذي، هەروەک جنێودان دەرچوونیشە لە گوێ ڕایەلی خوای گەورە، وەکو پێغەمبەر دەفەرموێت: (سباب المسلم فسوق وقتاله كفر) البخاري.

تەنانەت خوای گەورە نەهی موسلمانان دەکات لەجنێودان بە خودا دەستکردەکان (أصنام)ی کافرەکانیش نەوەک ئەوانیش جنێو بەخودای پەروەدیگاری جیهان بدەن، هەروەکو دەفەرموێت: [وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ]الانعام:١٠٨

بەڵام لەم سەردەمەدا دەبینین کە خەڵکێک نەک هەر بە جنێودانی کەسی ئاسایی و بەشێوازی زارەکی وازدێنن، بەڵکو ڕێگای تەواویان بەخۆیان داوە، کە بە ئارەزووی خۆیان جنێو بدەن بە هەرکەسێک کەبیانەوێت و لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانیشا بڵاویان بکەنەوە، تەنانەت دمە پیسەکەشیان نەوەستاوە تاوای لێهاتووە کە بەبێ شەرمانە و دوور لە هەموو بنەمایەکی ئەخلاقی جنێو بەپێغەمبەرانی خواش دەدەن و سوکایەتیان پێدەکەن، بەبێ گوێدانە هەستی خەڵکو حیساب کردن بۆ هیچ کەسێک، چونکە پێغەمبەران سلاوی خوایان لێبێت تەعبیر لەهەستی زۆربەی خەڵکی سەر ڕووی زەوی دەکەن و زیاد لەوەش پێغەمبەران ئەوکەسانەن کە بە یارمەتی خوای گەورەو پەیامەکانیەوە خەڵکیان ڕێنمویی کردووە بۆ ڕێگای ڕاست و ڕزگاریان کردوون لەزوڵم و ستەم و ژێر دەستی ، جا ئەگەر جنێو دان بەکەسی ئاسایی دەرچوون بێت لەگوێ ڕایەلی خوای گەورە و بەس، ئەوا جنێودان بەپێغەمبەرانی خوا دەرچونە لەدین، هەروەک خوای باڵادەست ئاماژە دەکات: [مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَافِرِينَ] البقرە:٩٨، بەتایبەت کەسێک کەخۆی بەدیموکراسی خوازیش بزانێت، ئەگەر باوەڕیشی بەخواو پێغەمبەران نەبێت خۆ لەدیموکراسیشدا ڕێگا بەهیچ کەسێک نەدراوە کە هێرش بکاتە سەر ئازادیەکانی خەڵک و مافەکانیان پێشێل بکات و ڕەچاوی هەستی خەڵک نەکات.

جالێرەدا دەڵێین کە پێویستە خەڵک چۆن ڕازی نی یە کە جنێو بەخۆی و باوک و کەس و کاری بدرێت و لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو بکرێنەوە وبەرەنگاری لەخۆیەکات، زیاتریش لە خۆی بەرەنگای لە پێغەمبەرە ئازیزەکانی خواو قورئان و پیرۆزیەکانی ئایین بکات، بەڵام ئەمەشیان بەوەڵام دانەوەی ئەوکەسانە دەبێت بە بەشێوەیەکی هێمنانەو دوور لەتوندوتیژی و پەنابردنە بەر دادگا لەکاتی پێویست، داواش لەکاربەدەستە بەڕێزەکانی ووڵاتی خۆمان دەکەین کەڕێگا بەهیچ کەسێک نەدەن، لەژێر هەر ناوونیشانێک بێت کە سەروەری بۆ یاسا نەهێڵن و یاسا پێشێل بکەن.

ئیسلام لە نێوان ڕێز و زوڵم بۆخەتەنە

و: دلاور گەلاڵی

خەتان عادەتێکی باوی کۆنەو ڕەگ و ڕیشەشی لەدیندا هەیە، لەناو موسڵمانان خەتان بەچەند ڕۆژێک دوای لەدایک بوون ئەکرێت، یەهودیەکانیش بەهەمان شێوە، بەڵام جگە لەم دوانە یان پێش باڵغ بوون یان دوای باڵغ بوون ئەکرێت.

هەروەها خەتانی کچان لەشەرع بەسوننەت ناوی نەهاتووە، بەڵکو بەڕێزگرتنێک دائەنرێت بۆ ئافرەتان، هەروەکو پێغەمبەر ئەفەرمووێت: سوننەتە بۆپیاوان و ڕێزگرتنە بۆ ئافرەتان.

ئیبراهیم یەکێکە لەو پێغەمبەرانەی کە خەتەنە کراوە هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە، پاشان خوای گەورە بە پێغەمبەر ئەفەرموێت: {ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ}

جا بەپێی ڕای زانایان نمونە هێنانەوە بە ابراهیم و شوێنکەوتنی سوننەتەکەی ئەوە ژن و پیاو ئەگرێتەوە بەبێ جیاکردنەوە.

ئوم عەتیە ئەگێڕێتەوە: ئافرەتێک بوو لە مەدینە خەڵکی خەتەنە ئەکرد، پێغەمبەریش پێی فەرموو: [لا تنهكي فإن ذلك أحظي للمرأة وأحب إلي البعل] رواه أبو داود وصححه الالباني. واتە: ئاگاداربە خراپ زۆری نەبڕی چونکە ئەمە بەختەوەرییە بۆ ئافرەت و خۆشەویستییە بۆ مێرد.

هەروەها لە پێغەمبەرئەگێڕنەوە فەرموویەتی: لەسوننەتەکانی من و پێغەمبەرانی پێش من نیکاح و خەتان و سواک و بۆنی خۆش.

ئیسلام شتێک ناڵێت کەلە ساڵحی مرۆڤایتی نەبێت، ئەم خەتەنەکردنەی کەلەپێش ئیسلامیش هەبوو، ئیسلام هات سنوری بۆداناو بڕی بڕینەکەی کەم کردەوە نەوەک ببێت بەزەرەرمەندی بۆ کەسی خەتەنەکراو.

زۆر جار باسی ئەوە ئەکرێت کە ئەمە زوڵمێکە لە مێینە ئەکرێت بەهۆی کەم کردنەوەی شەهوەتی، بەڵام بابپرسین: کە ئەوترێت شەهوەتی ئافرەت زیاترە لەپیاو وە پیاویش زیاتر لە ژنێک دێنێ نە ئافرەتێک زیاتر لە مێردێکی هەبێت. ئایا تەوازون کردنی شەهوەتی ئافرەت لەگەڵ پیاو کارێکی باشە یان خراپ بۆ ئەوەی ئافرەت زاڵ بێت بەسەر هەوەسەکانی خۆی؟؟؟ لەکاتێکدا ئافرەت تووشی چەندین حاڵەتی تایبەتی خۆی ئەبێت بەچەندین جۆر کە لەمێردەکەی دا ئەبڕێت لەسەر جێگا.!!!!

بە زانستیش سەلمێنراوە کە خەتەنە نەکردن ئەبێتە هۆی:

١-هەوکردنی پێستەکە کەپێی ئەوترێت (فایمۆسز)، لەئەنجامی کۆبونەوەی پیسی لەنێوان پێستەکەو گۆشتەکە.

٢- زیادەی ڕێژەی شێرپەنجەی ئەندامی نێرینە.

وە چەند نەخۆشییێکی تر:

الهربس التناسلی Genital Herpes ، السيلان Gonorrhea، الزهری Syphilis

پرۆفیسور(ویز ویڵ) ئەڵێت: خۆم یەکێک بووم لەوکەسانەی کەزۆرترین دژایەتی خەتەنەکردنمان ئەکرد، بەڵام دوای دیراسەو لێکۆڵینەوەی زیاتر تێبینیمان کرد ئەو منالانەی کەتوشی هەوکردنی بۆڕی میز ئەبن زیاتر ئەوانەن کە خەتەنە نەکراون بۆیە دوای ساڵانی هەشتاکان خۆم بووم بەیەکێک لەوکەسانەی کەداوام ئەکرد منال خەتەنە بکرێت.

پرۆفیسۆر(شوین) ساڵی ١٩٩٠ لەگۆڤاری(n.e.t.m) مەقالەیەکی بڵاوکردۆتەوە ئەڵێت: ٧٠٪ی منالانی توشبوو بە هەورکردنی بۆڕی میز خەتەنە نەکراوانن، بۆیە کۆمەڵەی پزیشکانی کالیفۆرنیا بە کۆ بڕیاریان لەسەر خەتەنەکردنی منالان دا دوای توێژینەوەو گەیشتن بە دەرەنجام.

هەروەها لەگۆڤاری Postgraduate Medicine بڵاوکراوەتەوە کە ئێستا لە ئەمەریکا ساڵانە بەملیۆن منال خەتەنە ئەکرێت، بەپێی دوا توێژینەوە کە کراوە ٦٠٪ بۆ ٨٠٪ ی منالانی ئەمریکا ساڵانە خەتەنە ئەکرێن، هەروەها لەتەواوی وڵاتانیش بەڕێژەیەکی بەرچاو ئەکرێت.

دکتۆر ڕۆبنسن ئەڵێت: ساڵی ١٩٣٠ لە ئەمەریکا ٦٠ هەزار کەس توشی سەرەتانی کۆئەندامی زاوزێی نێرینەبوو، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کەلەناویاندا تەنها ١٠ کەسیان خەتەنەکراو بوون. یەهودیەکانیش کە لەڕۆژی هەشتەم منالەکانیان خەتەنە ئەکەن کەمتر توشی ئەم حاڵەتانە ئەبن.

زۆر توێژینەوەی تر ئەم ڕاستیە ئەسەلمێنن کەناکرێ لێرەدا هەموویان باس بکرێن.

سەرچاوە: www.islamway.com
www.islam٤u.com